ENDESE

# دەنگەکە بانگم دەکات

عەباس ئەرنائووت

وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی





# دەنگەکە بانگم دەکات

ENDÉŞE
ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە

## ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە

بەڕێوەبەری گشتیی ناوەند: هەژار مەجید

بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: سیروان مەحمود

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە - ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە

سلێمانی - شەقامی مەولەوی - تەلاری بازرگانیی سیروانی نوێ - نهۆمی چوارەم

http://www.endeshe.net

andesha.library@yahoo.com ● andesha@outlook.com

http://www.facebook.com/Andeshalib

07501026400



ENDESE

# دەنگەکە بانگم دەکات

عەباس ئەرنائووت

وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی

ناوی کتێب: دەنگەکە بانگم دەکات

ناوی نووسەر: عەباس ئەرنائووت

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی

بابەت: ڕۆمان

نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٩

چاپخانە: ئەندێشە

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

نرخ: (٢٠٠٠) دینار

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١١٦٥)ـی ساڵی (٢٠١٩)ـی پێ دراوە.

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە©

بەبێ ڕەزامەندیی ئەندێشە، هیچ لایەنێک ڕێگەپێدراو نییە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە، جا گەر بە شێوەی ئەلکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەر شێوازێکی تری لەبەرگرتنەوە بێت.

پێشکەشە:

بەو دەنگە... سەرابە... کە بانگم دەکات و دوور دەکەوێتەوە.

عەباس ئەرنائووت

# چەند دێڕێک بەر لە خوێندنەوە

لای خوێنەران ئاشکرایە کە بەر لەم کارە، پێشتر کارێکی تری هەمان نووسەر لەلایەن ئەم وەرگێڕەوە کراوە بە کوردی، کە ئەویش ڕۆمانی "حەلـلاج: لە حەسرەت عیشقی تۆیە دڵ ناسرەوێ" بوو. هەڵبەت من بۆیە ئەم ئاماژەکردنەم بۆ ئەو کارە بە پێویست زانی، یەکەم: لەبەرئەوەی ئەم کتێبەی کە ئێستا لەبەر دەستی خوێنەردایە، چەند ساڵێک بەر لە "حەلـلاج" نووسراوە. دووەم: هەمان ئەو شێوازی نووسینەی لەم کتێبەدا بەکار هاتووە، هەمان شێوازە کە لە "حەللاج"یشدا بەکاربراوە. سێیەم: پێشتر و لە پێشەکیی "حەلـلاج"دا کەمەکێک باسمان لە ژیانی نووسەرەکە کردووە، کە پێویست ناکات لێرەدا دووبارەی بکەینەوە. بەڵام ئەوەی دەمەوێ لێرەدا بە چەند دێڕێک لەسەری بدوێم دوو شتە؛ یەکەمیان: ئەم شێوازە نووسینە و دووەمیشیان: تێمای کارەکە. سەبارەت بە شێوازی کارەکە، هەروەکو لە پێشەکیی "حەللاج"یشدا لێی دواوین، شێوازێکە لە نووسینی چیرۆک و ڕۆمان کە زمانەکەی پتر لە زمانی شیعری ئازاد یان پەخشانی شیعرئامێز نزیک دەبێتەوە و نووسەر خۆی بە بنەما باوەکانی ڕۆماننووسین و تەنانەت بە ڕێساکانی خاڵبەندیشەوە نابەستێتەوە و جڵەوی خەیاڵ بۆ لێشاوی وێنەی شیعری شل دەکات و پەنا بۆ کورتبڕی و چڕکردنەوەی زمان و ئاماژەی خێرا بە کەسێتی و بە ڕووداو دەبات و بەمجۆرە لە دەقێکی سوننەتی دوور دەکەوێتەوە و زیاتر لە ژانرێک

نزیک دەبێتەوە کە هەندێ لە ڕەخنەنووسان بە "ڕۆمانەشیعر" ناوی دەبەن. سەبارەت بە تێمای کارەکەش، گەرچی نووسەر ئاماژەی بەوە داوە کە بۆ نووسینی ئەم کارەی، سرووشی لە سەربردەی "بوودا"وە وەرگرتووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم سوودوەرگرتنە بەتەنها لە هێڵی سەرەکیی کارەکەدا دەبینرێ، نەک لە وردەکارییەکاندا. بۆیە ئەمە ڕۆمانێک نییە سەبارەت بە ژیانی "بوودا"، هەر بۆ نموونە وەکو "سیدهارتا"کەی هێرمان هێسە. بەڵکو بەتەنها کارکردنە لەسەر تێمای گەڕان بەدوای هەقیقەت و عەدالەت و یاخیبووندا، بە شێوەیەک کە دەشوبهێتە سەر ئەو شێوە گەڕان و یاخیبوونەی کە لەلای "بوودا" هەبووە. ئەگینا ناکرێ بەراورد لە نێوان کاراکتەری سەرەکیی ئەم کارە و بوودادا بکرێ و دەبێ وەکو کارێکی ئەدەبیی سەربەخۆ لەم کارە بڕوانین.

**وەرگێڕ**

لە ناوجەرگەی کۆشکێکدا
کە هەموو شتێکی تیا بوو
لەو شتانەی
کە چاو هەرگیز نەیبینیبوون
لە ناوەڕاستی باخێکدا
کە هەر چوار وەرزی بەهار بوو
شوورەیەکیش لە مەڕمەڕ چواردەوری دابوو
ئەم جیهانەی بۆ جیهانی شا و ڕەعیەت دابەشکردبوو
لە کۆشکێکی ئاوەهادا
ئەو کوڕە لە دایک بوو و ژیا
بێ ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان
بێبەرگ بووبێت یا برسی

لەسەر ڕووی سەراب نووسراوە
ئەوەی برسێتی و ڕووتی نەدیبێ و خەم نەچێژێ...
قەت توانای بینینی نابێ...

# ١

خامۆشی... گوێ بۆ دەنگی باران شل ئەکا...

باران ئەبارێ...
دڵۆپە بچووکەکانی ئەکەونە سەر گەڵای درەختەکان
کۆئەبنەوە و دڵۆپەی گەورە پێکدێنن
پاش کەمەکێ ئەخزێن و
ئینجا ئەکەونە خوارێ...

بە هاوڕێکەی وت...
- ناو بە ناو دەنگێ نابیستی... بانگت بکا؟
- نەخێر.
- من... ئەیبیستم
بە دوایدا ئەگەڕێم... نایدۆزمەوە...
بە دوایدا ڕائەکەم... نایبینمەوە...
تامەزرۆیی بۆ نادیار
خەمێکە وا لەناو دڵا...
باران ئەبارێ...
کوڕەکە دەرگای ژوورەکەی کردەوە...
چووە دەرێ...
گەیشتە ناو باخەکە...
دەنگێک بانگم ئەکا

دەنگێک لە قووڵایی ناخمەوە دێ
کەچی وا لەبەردەممدا...
سەیری چواردەوری خۆی ئەکات و ڕائەکا...
هەروەکو ئەسپێکی کێوی
کێبڕکێ لەگەڵ با ئەکا
هەر ڕا ئەکات و ڕائەکا...
پێی بەر ئەرزەکە ئەکەوێ
ئەیکێشێتەوە...
هیچ ئاسەوارێک لەسەر ئەرزەکە نابینێ
ئەگاتە شوورەکە... سنووری قەڵەمڕەوەکە
بە شەکەتی دائەنیشێ... هەناسە سوار...
لەسەر پشتی پاڵئەکەوێ و
لە ئاسمان ورد ئەبێتەوە...
بارانیش... نم نم ئەبارێ...

باڵندەیەکی نازدار...
ئاوی ئەدەمێ...
دانی ئەدەمێ...
هاوڕێی منالیم...
ڕۆژێکیان... دەرگای قەفەسەکەم بۆ کردەوە ...
فڕی و لە شەقەی باڵی دا...

هاوڕێکەی لە دوورەوە دێ...
ئاوڕی لە دواوە نەدایەوە...
فڕی... هەتا لە چاو ون بوو... لە ئاسۆدا...
هەندێجار... دەمەوبەیانی... لە نزیک پەنجەرەکەمەوە...
گوێم لە ئاوازی خوێندنی باڵندەیەکە...
ڕەنگە ئەو بێت بانگم بکا...

- لە پاش بیست ساڵ... هیچ باڵندەیەک
ناگەڕێتەوە لای خاوەنی...
- ئەگەڕێتەوە...
سەیری شوورەکەی کرد...
- ئەمە کۆتایی دنیایە؟
هاوڕێکەی پێکەنی...
- کۆتایی دنیاکەی تۆ...
هەڵسا و بە شوورەکەدا هەڵگەڕا...
سەری سوورما لەوەی بینیی!!
نادیارێکی بێکۆتایی...
ڕوخسارگەلێکی شەکەت و...
جەستەگەلێکی بنێس و...
پیرەمێردێ هەر ئەڵێی هیلالە و ئەڕوا...
دڵی منالی لە سینەی کوڕەکەدا مەدهۆش بوو...
سەراسیمە...
هاوڕێکەی بانگی کرد بگەڕێتەوە...
ئەو ئاوڕێ نەدایەوە...
لە دوورەوە باڵندەیەکی بەدی کرد
ئەفڕی و... باڵەکانی لێکئەدا...
لە خۆشیدا هاواری کرد...
- گەڕایەوە...
باڵندەکەم...
ئەوەتانێ...
ئینجا بۆ سەر ڕێگاکە بازی دا...

# ٢

پیرەمێردەکە وەک سێبەرێک بەرەو ئاسۆ
ڕێ تەی ئەکا...
شوێنپێی هەڵگرت... سەرنجی دا...
پیرە ئاوڕی دایەوە...
- چییە! ئەڵێی قەت پیاوی پیرت نەدیوە؟!
بە سەر سوڕمانەوە وتی...
- نەخێر...
-کوڕم قەشمەریم پێ مەکە...
منیش ڕۆژێ وەک تۆ لاو بووم... باشتریش بووم
تۆش ڕۆژێ دێ وەکو ئێستای منت لێ بێ... یا خراپتر
- وەک ئێستای تۆ؟!
- ئەی ڕووەک و گیات نەدیوە...
چۆن سەرەتا سەوز ئەبێت...
پاشان زەرد و...
ئینجا لەگەڵ "با" دا ئەڕوا...
پیرە کەمێک دەنگی گڕ بوو...
ڕوخساری خاکێکە بەیار
ساڵانێکە باران بەری نەکەوتووە
بۆیە پێستی قڵیشاوە و وشک هەڵاتووە...
پیرە لە ڕوخساری ئەم کوڕە لاوەی ڕوانیی...
ڕووەکێکی سەوز و تەڕ و بڕ...

کوڕەلاویش سەرنجی جلەکانی پیرەی دا...
چەند پارچەیەکی کۆن و شڕ...
پیرەش سەرنجی جلەکانی کوڕەی دا...
جلوبەرگێکی زێڕکفت...
چاوەکانی پشکۆن و خۆڵەمێش داپۆشیون...
لەبەر خۆیەوەی وتی...
- سەروەتی هەر دەوڵەمەندێ
لە هەژاریی هەژارێکەوە دێ...
ڕۆیشت و لەبەر خۆیەوە وتی...
- ئینجا لەگەڵ "با" دا ئەڕوا...
ئینجا لەگەڵ "با" دا ئەڕوا...
لەسەر سێ ئەڕوا...
پێیەکانی و یەک دارعەسا...

کوڕە لاوەکە لە دوورەوە
شوورەی کۆشکەکەی بینی...
شوورەیەک لە مەڕمەڕ...
ئەی شەڕەنگێز... ناوەوەت میهرەبانییە و
دەرەوەشت غەم و ئازار...

گەدایەک لە دوورەوە دێ...
نزیک ئەبێتەوە...
دەستی درێژ ئەکا...
کوڕەلاو جلەکەی دائەکەنێ و ئەیداتێ...
- ئەم جلە بێفەڕانە بەو جلە بەفەڕانە ئەگۆڕیتەوە؟
هانێ بگرە...
ئەو پارچە جلانەی خۆتم بدەرێ...

گەدا بەم سەودایە شاگەشکە بوو...
کوڕەی لاویش... بەو جلە پەڕپووتانەوە...
هەڵوەدای ڕێگەی ڕاستی بوو...

# ٣

تا چاو بڕکا چیا و گردەکان بێ شوورەن...
ئاسمانیش ساف... جگە لە چەند پەڵە هەورێ...
ئەی باڵندەکە... باڵەکانت پیشان دا و پاشان دیار نەمایت...

ڕۆیشت...
ڕۆیشت...
تا گەیشتە قەراغی شار...
خۆر خەریک بوو ئاوا ئەبوو...
زەوییەکی تەختی بینی...
سەوزایی و بەرد و پاشماوەی دیوارێک...
دانیشت تا وچانێ بدات...
چاوی نووقاند...
خەوی لێکەوت...
لە خەونیدا...
پیرە و گەدایەکەی بینی...
خوازیار بوو باڵی لێ بڕوێ
بەرەو ئاسمان... بەرەو ئامانجێکی زۆر دوور
لە شەقەی باڵ بدا و بفڕێ...
ژنێ ئەبینێ... بانگی ئەکا
ژنە وەڵام ناداتەوە...
لە خەو بێدار ئەبێتەوە...

هەڵئەلەرزێ... ئەنوێتەوە...
بەرەبەیان... لە دوورەوە
چەند دەنگێک هاتە گوێی...
لە خەو هەڵسا...
خۆرەکە ئەو ناوە ڕووناک ئەکاتەوە...
لە دوورەوە کەسانێک دێن...
تابووتێکیان هەڵگرتووە و بەکوڵ ئەگرین...
بە گردەکەدا سەر ئەکەون...
ئەگەنە تەختاییەکە...
تەرمی سەرشان دائەگرن و...
ئەکەونە گۆڕهەڵکەندن...
لەو دیمەنە سەری سوورما...
- ئەوە چییە؟
کچێک لە خۆی دا... خۆشەویستترین کەسم... باوکم...
کۆچی دوایی کرد...
کوڕەلاو تێنەگەیشت...
- مرد...
کچە ئەگری...
- ڕێبوارێ بوو ماندوونەناس... سەفەر خواردی...

جەستەی مردووەکە ئەخەنە چاڵەکەوە...
خۆڵ و گڵی تێدەکەن تا پڕبێتەوە...
گۆڕەکە کەمێک لە ڕووی ئەرزەکە بەرز ئەبێتەوە...

باران...
خەڵکەکە ئەگەڕێنەوە...
بۆ چەند تاوێک کاوەخۆ بە گردەکەدا لێژئەبنەوە...
بۆ چەند تاوێک

لە خۆڵی سەر قەبرەکە ڕائەمێنێ...
ڕائەکا...
پیاوێکیان ڕائەوەستێنێ...
- بۆچی بەتەنیا جێی دێڵن؟
- مردن ژیانی لێ سەندەوە...
- مردن؟
- مردن کۆتایی ژیان و زیندەوەرانە...
هەموومان... ئەچینەوە ناو منداڵدانی زەوی...
- ئەی ئەو بەتەنیا جێدێڵن؟
- وەکچۆن بە تەنیا هاتە ئەم دنیایەوە...
- ئەڕۆن و جێی ئەهێڵن؟
لە ئازیزانمان جیا ئەبینەوە؟
ئەوانەی هۆگریان ئەبین و لەگەڵیاندا ئەژین جێمان دێڵن؟

کوڕەلاوەکە بێ ئەوەی بزانێ بۆچی...
بە خوڕ گریا...

# ٤

گوێی لە وێردی ئایینییە...
تا زیاتر نزیک بێتەوە...
دەنگی وێرد بەرز ئەبێتەوە...
ساختومانێک دەرئەکەوێ...
لە جەرگەی خامۆشییەکدا
ڕووناک بە تیشکی چراو و مۆم...
بەڵکو لەو ڕۆشناییەدا ڕۆشناییەک بەدی بکا...
بەناو تاریکیدا و بە بەینی گردەکاندا ڕۆی...
گەیشتە بەردەم دەرگاکە... دەروازەیەکی گەورە و کۆن
کە لە بەشی خوارەوەیدا... دەرگایەکی بچووک هەبوو...
کردییەوە و چووە ژووری...
بە داڵانێکی درێژدا ڕۆیی تاوەکو کۆتایی...
گەیشتە بەر گۆڕەپانێک...
چەند ژوورێکی ڕووناکی دی...
لە هەموویانەوە دەنگ ئەهات...
کەسێ نەبوو لەگەڵ ئەمدا قسە بکات...

دەرگایەک ئەکرێتەوە...
کابرایەکی پشت چەماوە دێتە دەرێ...
چراوگێکی بە دەستەوە...
نەرم نەرم هەنگاو ئەنێت...

- گەورەم... من ماندوو و شەکەتم...
- دانیشە و بحەسێرەوە...
دانیشتم... نەحەسامەوە...
چراکەی بەرز ئەکاتەوە...
- قسەکانت لە هیی خۆت ناچن...
تۆ کێیت؟
- کەسێکی وێڵ و هەڵوەدا
بە پێیەکانم ڕێ ئەبڕم...
باڵندەکەشم لە شەقەی باڵ ئەدا...
ڕەنگە ئێستاکە لێرە بێت...
لەگەڵ ئێوە وێرد بخوێنێت...
پیرە لەم قسانە سەری سووڕما...
چراکە بە دەستی ڕاستییەوە بوو...
بە دەستی چەپی... کوڕەی گرت...
- وەرە لەگەڵما...
چوون بۆ ژوورێکی لای ڕاستی گۆڕەپانەکە...
- دانیشە...
لەسەر ئەرزەکە دانیشت...
سەری خستە نێوان ئەژنۆکانی...
- شتێک ناخۆیت؟
- خواردم و تێر نەبووم...
تەنها پاروویەکی خوارد...
- لەم ژوورە بە جێت ئەهێڵم...
بخەوە تاکو بەیانی...
پەتۆی دایێ...
چراکەی لەسەر ئەرزەکە دانا و ڕۆیشت...
کوڕە بە دانیشتنەوە پەتۆکەی دا بە خۆیدا...
چاوی بڕییە چراکە...

پڵیتەی چراکە...
چۆن هێدی هێدی لەگەڵ زەمان
ئەتوێتەوە تاکو بەیان...

# ٥

کابرای پیر لە دەرگاکەی دا...

خۆی کرد بە ژووردا...

کوڕەلاو هەر دانیشتبوو...

چراکە نەکوژابۆوە...

ڕۆحی سەرهەڵگرتوو نانوێ...

وەک گڕی چرا ئەلەرزێ...

چراکە خەریکە ئەکوژێتەوە...

- تات گرتووە؟

ئەناڵێنێ و وەڵام ناداتەوە...

- کەمێک ئاو بخۆرەوە...

ئاوی ئەداتێ...

- لەسەر پشتت بنوو...

کوڕەلاو لە نەرمیدا ئەڵێی هەویرێکی شل و گەرمە...

- کوڕم... تۆ دڵت زامدارە...

ئاو بە ڕوویدا ئەپرژێنێ...

لەلایەوە دائەنیشێ...

بێدەنگییەکی درێژخایەن باڵیان بەسەردا ئەکێشێ...

بێدەنگییەک کە خاڵی نییە لە ناڵین...

بێدەنگی زادگای یادەوەرییە...

پەنجەرەکە... پەڵەیەک ڕۆشنایی لە دیوارێکی ئەستوور و تاریکدا...

تیشکەکە چەند بازنەیەکی ڕووناک ئەنەخشێنێ...
تیایدا پیرە بەرەو ڕۆژگارێکی دوور ئەگەڕێتەوە...
- هەتا ماوم... گەرمیی سینەی ئەوم هەرگیز بیرناچێ...
لە ئامێزی خۆی ئەگرتم...
بە زەیت قژی ڕێک ئەخستم...
بە ئاوی شلێر ئەیشتم...
جلی نوێی لەبەر ئەکردم...
گریا...

خامۆشییەکە تێکەڵ بەناڵەی کوڕە و گریانی پیرە دەبێت...
- بە منالّی چەند پێکەوە یاریمان کرد...
گرانەتا لە لادێکەماندا بڵاوبۆوە...
براکەم... وەک گوڵ پێئەکەنی... وەک چۆلەکە بازی ئەدا...
کەچی کوشتی... گرانەتا...

هەردووکیان بە بێدەنگی ئەگرین...

- بە دڵێکی شادمانەوە... بەسەرگرد و تەپۆڵکەکاندا ئەڕۆیشتین...
دەستی باوکمم گرتبوو...
"با" کە یاری بە قژم ئەکرد...
ئەو قژەی دایکم دایهێنابوو و
منیش نەمئەمویست تێکچێ...
گەیشتمە ئێرە...
بۆ یەکەم جار و... بۆ دواجار
لەو گۆڕەپانەدا یاریم کرد...
دەنگی باوکم...
- براکەی بە گرانەتا مرد...

ئەترسم ئەمیش بکوژێ...
بۆیە وا هێنام بۆ ئێرە و
بۆ خواوەندم نەرز کرد...
هەڵسا...
تەماشای منی نەکرد...
بەرەو دەروازەکە ڕایکرد...

گریانی کوڕەلاو کەمێک دا ئەمرکێتەوە...

- پێیان وتم... تۆ لە پێی خواوەندەوە هاتوویتەتە ژیانەوە...
ئەبێ ئەم شوێنە گسک بدەیت...
وا شەست ساڵە... من ئەم شوێنە گسک ئەدەم...
ئەو بەرگەت لە هی خۆت ناچێت...
دیارە دانایت فێر ئەکەن...
چاوەکانت نیشانەی ئەوەن کە تۆ
زادەی سەری خواوەندێکیت...
یاخود دڵی خواوەندێک...

کوڕەلاو خەوی لێ کەوتبوو...
دڵۆپەی ئارەقە تەوێڵی تەڕ کردبوو...
هەڵئەلەرزی...

# ٦

"هەستی بە تەنیایی و گۆشەگیری کرد
ئەبێ کەسێ هەبێت ببیستێت و ببینێت"

کوڕەلاو کەوتە سەر ئەژنۆ...
گوێی بۆ وانەکانی دانایی ڕاداشتبوو...
جلی ڕاهیبیی پۆشیبوو...
بۆ ئەوەی دەست لە کتێبی پیرۆز بدا
بە گوڵاو دەستی شتبوو...

"چوار توخمەکەی گەردوونی کردە ناو دەستی...
ئاو و خاک...
ئاگر و هەوا...
تێکەڵی کردن...
شتێکی زۆر زەبەلاحیان لێ دەرچوو...
فووی پیا کرد...
بوو بە دوو کەرتەوە... پیاوێک و ژنێک...
باوەشیان بە یەکدا کرد...
خامۆشیی بوون ڕەوییەوە..."

گەورەی دانایان کتێبێکی بە دەستەوەیە و ئەیخوێنێتەوە...
کوڕەی لاو گوێی شل کردووە... ڕائەمێنێ...

داناکانیش گوێ ئەگرن...
بە دەوریشیاندا مۆم داگیرساوە...
پیرە لە گۆڕەپانەکەدا بە دڵێکی شادەوە دانیشتووە و
چاوەڕێیە...
کوڕەی لاو ڕائەکا...
- بە جلوبەرگی ڕاهیبەوە چەند جوانیت...!
وەک باوکێک دەستی کوڕەی گرت...
- خواردنم بۆ ئامادە کردوویت...
بۆم باس کە... ئەمڕۆ چی فێر بوویت...
پیاسە ئەکەن...
- چیرۆکی خولقاندن...
پێئەکەنێ...
- پیرە! تۆ ئەزانیت ئەم دنیایە چۆن دەستی پێکردووە...؟
- نەخێر... ئەوەندە ئەزانم ئێمە لێرەین...
- کردگار ڕقی لە بێدەنگی بووە و
ویستوویەتی گوێی لە دەنگدانەوەیەکی دەنگی خۆی بێت...
پیرە دڵی خۆش بوو...
- کەواتە ئەبێ بدوێین...
کوڕەی لاو کەمێک خەیاڵی ڕۆیی...
- بەڵێ... ئەبێ بدوێین...

# ٧

لە كاتی وانەكەدا...
لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوو...
ڕاهیبەكان دەوری حەكیمیان دابوو...
حەكیم بەرگی كتێبەكەی هەڵدایەوە و دەستی بە خوێندنەوە كرد...
" لە یەكەمین مرۆڤەوە... مرۆڤی تر پەیدا بوو...
مرۆڤە باش و باڵاكان... ئەوانەی خوێنیان پاكترە و بەتەقواترن...
واتە ئەوانەی سەروەری خەڵكن... لە سەری ئەو مرۆڤەوە هاتنە دنیاوە...
ئەوانەش كە خزمەتی سەروەرانی سەروو خۆیان ئەكەن و ڕەعیەت بەڕێوە دەبەن... لە شانەكانییەوە هاتنە دنیاوە...
كرێكاران و سەپانەكان و كاسبكارەكان...
لە ڕانەكانییەوە...
خەڵكی عەوام و ڕەعیەتیش... لە پێیەكانییەوە"

كابرای حەكیم چاوی لەسەر كتێبەكە هەڵبڕی و...
كەوتە ڕاڤەكردن...
دانایی بەمجۆرە خۆی پیشان ئەدات...
گەر خەڵكی هەموو یەكسان بن...

ئەی کێ خزمەتی کێ بکات...
هەنگینێ تەرازووی ژیان و زیندەوەران لەق ئەبێت...

حەکیمەکە سەرگەرمی ڕاڤەکردنە...
کوڕەی لاو لە پەنجەرەکەوە ئەڕوانێتە دەرەوە...
وەک ئەوەی باڵندەیەک بەدی بکا...
بەرەو ئاسۆیەکی دوور لە شەقەی باڵ ئەدا...

## ٨

”ڕۆح مرواربییەکە...
ئەوەی داخراویشە... بە برسیێتی ئەکریێتەوە...
سەدەفی ئەم جەستەیە...
بە شەونخوونی ئەسپی سەرکێش ڕام ئەکریێ... بە ڕۆژوو...
ئارەزوو ئاگریێکە... تینوویێتی دائیەمرکێنیێتەوە...“

ساڵێک تیپەڕی و...
وانەکانی دانایی بەردەوام بوون...
کوڕەی لاو هەموو کتێبەکەی ئەزبەر کرد...
پرسیار و وەڵامەکانی زانی...
ڕۆژێکیان ڕووی کردە پیرە...
- ناو بە ناویێ... گوێت لە دەنگێک نییە بانگت بکا؟
- نەخێر...
- من گوێم لێیە... ئەیبیستم...
ئاوڕ ئەدەمەوە... کەس نابینم
ئەڕۆم...
ڕائەکەم...
وەک ئەوە وایە هێڵەکێک ئاوم هەڵگرتبێت...
دەنگەکە لە پێشمەوەیە و... پەیی پێ نابەم...
لە ناخمەوە دیێتە دەرێ...
پێم بڵێ پیرە...

باڵندەیەک دوای بیست ساڵ ئەگەڕێتەوە لای خاوەنەکەی؟

- گەر خۆزگەیەک بێت... ئەگەڕێتەوە...

هەموو شتەکان ئەمرن... خۆزگە نەبێت...

- دەرگای حیکمەتێکت بۆ خستمە سەرپشت

کە نەمئەزانی...

- کورم... ئەوەی نایزانین زۆرە و

ئەوەی ئەیزانین کەمە...

- چاوەکانم ئەنووقێنم... باڵندەکە ئەبینم... ئەفڕێ...

دەمەو کازیوان بێدار ئەبمەوە...

چاوەڕێ ئەکەم...

لای پەنجەرەکەمەوە ناخوێنێ...

پیرە لە کورە ڕائەمێنێ...

- دڵی غەمگین پەرجوو ئەخوڵقێنێ...

- ڕۆیشتم و نەگەیشتم...

- کەمێک بنوو...

سبەی... ڕۆژی دانپیانانی گوناهباران و تۆبەکارانە...

## ٩

ڕۆژی دانپیانان لە دەیر جەنجاڵە...
لەگەڵ خۆرکەوتندا...
گوناهباران دەستە دەستە دێن...
دەرگای عەمبارەکان ئەخرێنە سەرپشت...
گەنجینەکان پڕ ئەبن...
خەڵکی بە خۆیان و گوناه و قوربانییەکانیانەوە دێن و...
بە خۆیان و گوناهەکانیانەوە ئەگەڕێنەوە...

دانیشت...
لەودیو پەردەیەکەوە لەگەڵ خەڵکیدا ئەدوا...
پەردەیەک... هۆڵەکە ئەکا بە دوو بەشەوە...
گوناهبار لێرە و...
ئەو کەسەی لە گوناهەکانیش خۆشدەبێت... لەوێ...
گوناهبارەکە وتی...
- گوناهم کردووە... لێم خۆشئەبیت؟
وەڵامی دایەوە...
- ئەوەی لەسەر منە خەملاندنی قوربانییەکەیە...
بۆ لێخۆشبوون... لە دەستی مندا نییە...
گوناهبارەکە ئەوێی جێهێشت...
بە درێژایی ئەو ڕۆژە... کوڕەی لاو بەتەنیا مایەوە...

**کە بوو بە شەو...**

**پیرە لێی پرسی...**

**- بۆچی کەس بۆ لای تۆ نەهات؟**

**کوڕە وەڵامی دایەوە...**

**- ئاخر من کلیلەکانی بەهەشتم پێ نییە...**

# ١٠

کچە دانیشت...

پەردەیەک لە نێوانیاندا بوو...

بێدەنگییەکە زۆری خایاند...

چاوەڕوانی زۆری خایاند...

کچە وتی...

- ئازارم زۆرە...

ئازار زمانی گرتووم و ناتوانم قسە بکەم...

کوڕە هەڵلەرزی...

گوێی شل کرد...

بێدەنگی درێژەی کێشا...

- بێدەنگی قۆزاخەیەکە لە خەم... پەنای بۆ ئەبەین...

دیسانەوە بێدەنگی...

قسەکانی تەواو کرد...

- ئەگەر ڕۆحەکان پەیوەندی بە یەکەوە نەکەن...
پەیڤ ئەبێتە بێدەنگی...
کە ڕۆحەکانیش پەیوەندی بە یەکەوە ئەکەن...
پەیڤ هەر ئەبێتەوە بە بێدەنگی...

دیسانەوە بێدەنگی...
قسەکانی تەواو کرد...

- بە دوایدا ڕائەکەم... بانگم ئەکا و دوور ئەکەوێتەوە...
تۆ هیچ دەنگێک نابیستیت بانگت بکات؟
- بەڵێ...
- ئەیبیستیت؟
- بەڵێ...
- ڕائەکەیت؟
- نەخێر...
- هەر لە شوێنی خۆتەوە...

دیسانەوە بێدەنگی...

- ئێمە لە خودی خۆمان ڕائەکەین و کەچی لێی دوور ناکەوینەوە...
- بەڵێ... ڕائەکەم...

دیسانەوە بێدەنگی...

- تۆ باوەڕ بەو قسانەی من ئەکەیت؟
- بەڵێ... ناشزانم بۆ...
- ئاخر ئەو دەنگە... لە دەنگی تۆ ئەچێت...
- من پێشتر گوێم لە دەنگی تۆ بووە...
گەرچی پێشتر نەهاتووم بۆ ئەم دەیرە ...

بێدەنگی...

لە پڕێکدا ڕاچەنی و هەڵسایە سەرپێ...
سەیری پەنجەرەکەی کرد...
باڵندەیەک ئەیخوێند...
زەمەن وەستا...
شوێن نەما...
باڵندەکە لەسە رپەنجەرەکەیە... ڕووناکییەک وا بە دەوریدا...
بۆ چەند ساتێک... بەڵکو ئەو ساتانە درێژ ببنەوە...
هەنگاوێک چووە پێشێ...
دوو هەنگاو...
باڵندەکە سەیری کرد...
جریواندی و فڕی...

فرمێسک لە چاوی ڕژا...
چەند ساتێک...
درێژبوونەوە... لەوانەیە
کورت بوونەوە... لەوانەیە
سەیری پەردەکەی کرد...
چەند هەنگاوێکی هێمن و پڕمتمانەی نا
توند دەستی هەڵبڕی و...
پەردەکەی گرت و لێی کردەوە...
کچەکە بەبێ ئەوەی سەری لەو کارە سوور بمێنێ
تەماشای کرد...
کچە چاوی بڕییە چاوی کوڕە...
کوڕەش چاوی بڕییە چاوی کچە...
لە ئەزەلەوە یەک ئەناسن... بەر لەم دیدارە...
سەیری دەستی کچەی کرد...
- ئەوە چییە بە دەستتەوە؟
کچە چاو هەڵئەبڕێت...

دەستی درێژدەکات...
- چەپکێک گوڵی یاسەمین...
- ئەڵێن گوایە ئەمە ڕەمزی مەرگە...
کوڕە دەستی درێژدەکات...
- من ئەڵێم ئەمە ڕەمزی ژیانە...

## ١١

هەبوو نەبوو... لە کۆندا زوو...
شاعیرێکی گەڕۆک هەبوو
زەمانە ماندووی کردبوو
ڕۆژێ... بە نیازی پشوودان
لە سێبەری دیوارێکدا... دانیشتبوو

ژنە خواوەندی جوانیی دی
لە باخچەیەکی ڕازاوە
ئاوی گوڵەکانی ئەدا
کاتێ چاوی بەو ژنە کەوت
سەوداسەر بوو.
کە لە چاوانی ون ئەبوو
چاوەڕێی ئەکرد بێتەوە...
کاتێکیش وەک خۆر هەڵئەهات
چاوانی لێ نەئەترووکان
ڕۆژێ... کەسوکاری ژنە
شوورەیەکیان
بە چواردەوری ئەو باخچەیەدا دروست کرد
شاعیر دەستی کرد بە گریان
گریا و گریا
تا ئاهی گەیشتە ئاسمان

دەنگێ لە غەیبەوە وتی...
شاعیرەکە... چ خواستێکت هەیە... بیڵێ...
شاعیر وتی...
ئەمەوێ خواوەندی جوانی لەبەرچاوم ئاوا نەبێ...
ئیتر شاعیر بوو بە مانگ و
لە سەروو شوورەکانەوە و بەبێ وچان
چاوی بڕیبووە یاری جوان...
ئا بەمجۆرە مانگ دروست بوو...

کوڕەلاو ڕوانییە مانگی تابان
درەوشاوە... بەسەر هەوردا ئەڕۆیی...
ئەمیش بەناو گردەکاندا
کەوتە تەیکردنی ڕێگا
نە ڕۆژێک و نە دوان و نە سیان
بێ خواردن و خواردنەوە و بەبێ خەوتن
بەو گردەدا سەرئەکەوت و
بەو شیوەدا ئەچووە خوار...
مرۆڤ ئەگاتە ئەوپەڕی دنیا و
ئەکەوێتە ناو فەزایەکی بێکۆتاوە...
منیش... هەر ئەڕۆم و پێناگەم...

بە شەکەتییەوە دانیشت...
لێت ڕائەکەم و تۆ لەبەردەممدایت... لە ئاسۆدا...
ئەگەڕێمەوە...
لە کوێوە هاتبوو... بۆ ئەوێ گەڕایەوە...

## ١٢

سبەی... ڕۆژی دانپیانانە...
هەرچەندی کرد... خەو نەچووە چاوانی...
چاوەڕێ بوو ڕۆژ بێتەوە...
بە ماندوویی... هەر بۆ تاوێک چاوی نووقاند...
لەناکاوا... ڕاچڵەکی و بێدار بووەوە...
لەوانەیە... من خەوتبم کە خۆر هەڵهاتووە...
هێشتاکە شەو ماڵئاوایی لە ژین ئەکا...
لە پەنجەرەکەوە ئەڕوانێ...
ئەیبینێ...
هەمیشە... دوور... لە ئاسۆدا ڕاوەستاوە
شەو درێژە...
کاتیش سەنگین...
دوو بەردی بەرداشێکن و...
منیش ئەوەتام لە بەینیانا...
ڕەنگە زوو بێت...
چوو بۆ ناو گۆڕەپانەکە...
بۆ هۆڵی دانپیانانەکە...
لەوێ دانیشت... چاوەڕێی کرد...
دەنگی پێ دێ لە دوورەوە...
پێئەچێ دەنگی ئەو بێت...
دەنگی کردنەوەی دەرگاکە...

ترپەی دڵی لە سنگیا دەنگ ئەداتەوە...
ئارەقە ناولەپی دەستی تەڕکردووە...
بە چمکی عەباکەی بەری... دەستی ئەسڕێ...
پەردە مەودای نێوانیانە...

- دوێنێ... گەڕامەوە...
ئەمانە هەندێ بادەمی دێکەمانن...
لەبەردەمی پەردەکەدا دایانئەنێ...
کوڕە بەدەستی پەردەکە لائەبات و
بادەمەکان هەڵئەگرێ...
- من... دوێنێ گەڕامەوە...
- سەفەرت کرد؟
- بەرەو دەشت و چۆڵەوانی... هەروەکو تۆ...

پەردەیەک وا لە بەینیاندا...

- ژیانی خۆم لە ناو حەکیمەکاندا بەسەر برد...
بە وەرگرتنی زانست و...
خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز...

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر... دەستەکانیشی ئەجووڵاند...

بۆیە... ئەوەی پێتی ئەڵێم مەبەستمە و
ئەشزانم چی ئەڵێم...
ئامادەیت ببیتە هاوسەرم؟
گاڵتەم پێ مەکە

لێرەدا... سەراسیمە و بێدەنگ ئەبێ...

- بەڵام تۆ خۆت...
- ئەزانم...
- لە دەیردا ئەژیت...
- ئەزانم...
- ئەشزانیت کە من...
- ئەزانم...

سەراسیمە و بێدەنگ ئەبێ...

- چاوەڕێی وەڵامم ئەبیت؟
- ڕۆژان و ساڵان...

چەند تاوێک بێدەنگی...

- بە هیوای دیدار...
- بە هیوای دیدار...

کوڕەلاوەکە لە شوێنی خۆیدا مایەوە...

# ١٣

هەفتە حەوت ڕۆژە... سارد و سڕ...
هەفتە ئەبێ بە
حەفتا...
هەزار...
ڕۆژ...
ئینجا ڕۆژی دانپیانانە...

کوڕەلاو لە هۆڵەکە دانیشتووە...
گوناهباری یەکەم دێ...
دووەم...
سێیەم...
ڕۆژ ئەگوزەرێ و...
ئەو ناگوزەرێ...

کتێبی پیرۆز ئەکاتەوە و... ئەخوێنێتەوە...
دوای سەعاتێ... بیری دێتەوە...
کە ئەو خەریکی خوێندنەوە بووە...
کتێبەکە دائەخاتەوە...

حەکیمەکان لەناو خۆیاندا مقۆ مقۆیانە...
ئەم کوڕە بۆ وای لێهاتووە...

لە وانەکانی حیکمەت دوائەکەوێ...
کاتێ کە ئامادەش ئەبێ
هەر بە جەستە ئامادەیە و هیچیش نالێ...

شەو زۆر بە خاوی ئەکشێ و...
وێنەی ئەویش لە خەیاڵی نابێتەوە...
مۆمێک دائەگیرسێنێ و... لە کتێبەکەدا ئەگەڕێ...
" شتێکی زۆر زەبەلاحیان لێ دەرچوو...
فووی پیا کرد...
بوو بە دوو کەرتەوە... پیاوێک و ژنێک..."
چەند بەختەوەرە ئەو پیاوەی
ئەو نیوەیەی تری خۆی ئەبینێتەوە...
ئەو پیاوەش چەندە بەدبەختە
کە ئەو نیوەیەی نادۆزێتەوە...
ئەسرینی چاوی خۆی ئەسڕێ...
پیرە سەرنجی ئەدات...
- چیتە ڕۆڵە؟
- شتەکان بۆ وا ڕووئەدەن؟
- کورم پرسیار سەری خاوەنەکەی ئەخوات...
- من پێشتر نابینا بووم... ئێستا ئەبینم...
پشکۆ وا چاوم ئەسووتێنێ...
- هەموو شتەکان بەرەو ئامانجی خۆیان ئەڕۆن...
وەکو ڕووبار...
- بریا من هەر کوێر بوومایە...
بریا من هەر کوێر بوومایە...

## ١٤

ڕۆژی دانپیانان دێتەوە... دائەنیشێ...
بەڵکو...
لە ناکاودا... ڕائەچڵەکێ...
گیانی ئەکەوێتە لەرزین...
ئەو... لێرەیە... دڵم ئەیبینێ...
ئارەقە ناو لەپی تەڕ ئەکا...
گوێ ئەدێرێ...
دەنگی ئەوی دێتە گوێ...
- من... سەر بە چینی...
- لێم نەپرسیویت لە چ چینێکیت...
من لێم پرسیت... ئامادەیت ببیت بە هاوسەرم؟
- ئاخر... تۆ ڕاهیبی دەیریت...
- مەرج نییە سبەینێ وا بم...
- ئەوکات هەم من هەم تۆ...
بەر نەفرەتی خەڵک ئەکەوین...

بێدەنگییەکی درێژ...

کوڕەلاوەکە وتی...
- من لە شوورەیەکەوە... ڕامکردووە
بۆ هەزار شوورەی تر...

جیهانێکی کش و مات
لـە هۆڵەکـە چـووە دەرێ... بـەرەو گۆڕەپانەکـە... بـەرەو گـردەکان...
سەیری هیچ ناکات...
دڵی ئەلەرزێ...
خۆیەتی...
ئاوڕی دایەوە...
بەڵی خۆیەتی...
کچە لێی نزیک بۆوە...
بێ ئەوەی هیچ شتێ بڵێن...
شان بە شانی یەک ڕۆیشتن...

تا چاو بڕکا پەپوولەیە... شوورەش نییە...

کچە دەستی کوڕەی گرت...
ئەمیش بێ ئەوەی قسە بکات... دەستی ئەوی گرت...
لە دەریایەک بێدەنگیدا نوقم بوون...

- ئەڕۆیت؟
کچە سەری ڕاوەشان...
ئەمجارەیان...
چاوییان نەبڕییە چاوی یەک...
کوڕە سەری داخست و...
بەرەو دەیر گەڕایەوە...

# ١٥

ئەڵقەیەکی داخراو تەوقێکیان دروست کرد...
گوناهبارەکە ئەکەوێتە سەر چۆک...
حەکیمەکان بە دەوریدا... لێی ئەپرسن...
- دان بە گوناهەکەتدا ئەنێیت؟
ئەگری...
- نا... نازانم...
- ئەو دوو منداڵەت سەربڕی؟
- بەم دوو دەستەم...
هەردوو شانی بەرز ئەکاتەوە و... ئەگری...
گەورەی حەکیمان حەپەساوە...
تووڕە ئەبێت...
هاوار ئەکا...
- دوو منداڵت سەربڕی؟!
- بەڵێ...
- دان بە گوناهەکەشتدا نانێیت؟!
- نازانم...
- کەواتە ئەبێ چوار مەڕ بکەیت بە قوربانی بۆ خواوەند...
- نیمە... گەورەم...
- خواوەند لێت تورە ئەبێت و ڕزگارت نابێ...
لە زیندانیشدا ئەمێنیتەوە تا قوربانییەکان ئەهێنیت...

دادگاییەکە تەواو و نۆرەی وانەی حیکمەتە...
" جەستە ئەڕوات و نامێنێ...
بەڵام ڕۆح نامرێ...
بە ئازادی ئەمێنێتەوە...
تا ئەو دەمەی ئەچێتە جەستەی منداڵێکی تازە لەدایکبووەوە...
هەرکەسێ چاکە بکا...
ئەچێتە ناو جەستەیەکی باڵا و چینێکی باڵاوە... "

کوڕەی لاو دانیشتووە و گوێی شل کردووە...

شەوە... پێڵووەکانی بێدار بوونەوە...
ئازار خەوی زڕا...
بەرەو گۆڕەپانەکە ڕۆیی...
شەوێکە... نەسیمەکانی غەمگین...
ئەستێرەکان ئەجریوێنن... تاریکی دەوری تەنیون...
مانگ هێندەی نەماوە ببێت بە چواردە...
پلیکانەکان تاریکن... مەگەر تروسکاییەکی کەم...
بەرەو ژێرزەمینێک ئەچن...
چووە خوارێ...
شێ بۆنی تایبەت بە خۆی هەیە...
زیندانییەکە لە قەفەسەکەدا دانیشتووە...
زیندانیی ئازارەکانی خۆی و شیشی ئاسن...
- ئەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم...
کابرا سەری بەرزکردەوە... بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە...
- ئێوە گوێ لە ئازاری کەس ناگرن...
من بە چەند مانگێک لەمەوبەر...
هاتم بۆ لاتان... بۆ ڕاوێژ...
من ماسی ڕاو ئەکەم و... ئەیفرۆشم...

بەوە مناڵەکانی خۆم بەخێو ئەکرد و... پۆشتەم ئەکردن...
" تۆ قووتی ئەوانی دی ئەدزیت... چەندت پێویستە...
ئەوەندە لە ڕووبارەکە دەربهێنە و بەس...
ئەوەی لە "پێ" هاتبێتە دنیاوە... ئەرکی خزمەتکردنە...
بازرگانی ئەهلی تایبەت بە خۆی هەیە... "
" سەرت بەرز ڕامەگرە... ماندووت ئەکا..."
لە پشتی پەردەکەوە لە حەکیمەکەم پرسی...
باشە... من چ کارێک بکەم؟...
"ئەوەی چاکەکار بێت... بە چاکەکاری ئەمرێ...
لە ژیانێکی تردا پلەی بەرز ئەبێتەوە...
لەوانەیە... ڕۆحت بچێتە ناو بازرگانێکی تازە لەدایکبووەوە"
ئەی سوودی ئەم ژیانەی ئێستام چییە؟...
"هەنگاوێکە بۆ بەرزبوونەوەت لە ژیانێکی تردا...
چۆن خولقاوین... ئەبێ وا بمێنینەوە...
کتێبی پیرۆز وا ئەڵێت"...
ئیتر حەکیمەکە بێدەنگ بوو...
منی سەراسیمە جێهێشت...
منالان بێگوناهن... ئاوا بژین... ئەلەوتێن
وا چاکترە سەریان ببڕم... بێگوناهانە ئەمرن...
بەڵکو کە لە دایک بوونەوە... وەکو سەروەران بێنەوە دنیا...
شتێک شک ببەن بیخۆن...
من... لە "پێ"شوە هاتوومەتە ئەم دنیایە...
هەر بۆ "پێ" و کاری خراپەش ئەگەڕێمەوە...
بۆیە من خۆم کرد بە قوربانی ئەوان...
من خراپەکارم...
بەکوڵ ئەگری...

کوڕەی لاو بە دڵێکی غەمگینەوە سەر دائەنەوێنیٚ...
وەڵام لای کێیە؟...
لەناکاودا...
بە پلیکانەکاندا چووەوە بۆ سەرەوە...
بۆ گۆڕەپانەکە...
خۆی بە ژوورێکدا کرد...
چوو کلیلی زیندانەکەی هێنا و گەڕایەوە...
- بڕۆ بەرەو دارستانەکە...
- لێم خۆش بوون؟...
- لە کەسێک ئەپرسیت کە نایزانیٚ...
- ئەی قوربانی بۆ خواوەندەکان؟!
- نەمدیوە خواوەند گۆشت بخوا... بڕۆ...

زیندانییەکە هەڵات...
لە ناوجەرگەی شەوەوە سپێدە دەرکەوت...
نەسیم پڕە لە یادەوەری...
ڕۆژیٚ لە ڕۆژان...
دەرگای قەفەسم بۆ باڵندەییٚ خستە سەرپشت...
فڕی و...
چیدی سەیری دواوەی نەکرد...

# ١٦

به خەمباری... لە شارەوە گەڕایەوە...
چووەوە بۆ ژوورەکەی خۆی...
ئەوەی بە دەستییەوە بوو... دای نا...
بە دڵێکی پڕ لە کەسەرەوە دانیشت...
پیرە خەریکی ئامادەکردنی خواردنە...
- بەناو شاردا گەڕایت؟
کوڕەی لاو وەڵام ناداتەوە...
پاش کەمێک ئەڵێت...
- کەوتمە سەر ڕێیەک دەتوت سەردابە...
نە لە ڕاست و نە لە چەپەوە... دەرچەیەکی نەبوو...
کابرایەکم بینی... منداڵێکی پێ بوو و... هەناسەبڕکێی بوو...
هاواری کرد...
- ئەی قدیسەکە...
منیش وەستام...
هات و منداڵەکەی بەرز کردەوە و وتی...
- ئەمە کوڕمە... بیبە بۆ دەیر و لەوێ بیکە بە قوربانی
- کوڕتە؟...
- لە دەیر بژی و نانێک هەبێ بیخوات... باشترە
لەوەی لەگەڵ مندا لە برسانا بمرێ...
پیاوان و منداڵانێکی زۆر لە دەورم کۆ بوونەوە...
ژن و منداڵ ئەو ناوەیان تەنییەوە و تاساندمیان...

نەمدەزانی چی بکەم...
گەڕامەوە...
نەچووم بۆ ناوجەرگەی شار...
ئەوەی لە قەراغەکانی شار بینیم... کوشتمی...
ستەمدیدەکان وان لە دەرەوەی دەیرەکان...
لەسەر ڕێگاکان...
کەچی ئێمەش حیکمەت لە دەیردا ئەشارینەوە...
پیرە وتی...
- دڵت منداڵێکی شیرەخۆرەیە
هێشتا لە شیر نەبڕاوەتەوە...
گەلێ شتمان بیست...
گەلێ شتمان بینی...
تا وامان لێهات نە ئەبیستین و نە ئەبینین...
- ئەگەر گوڵی حیکمەت بە برسێتی شکۆفە بکا...
ئەوا ئێمە کافرین و خەڵک قدیس...

لای پەنجەرەکەوە ڕاوەستا...
فەزا و ئاسمان...
لە ناکاودا... بەرەو دەرگاکە و
لەوێشەوە بەرەو گۆڕەپانەکە و... گردەکان و... ڕێگاکە و...
شار... هەڵهات...
پیاوێک کە منداڵی پێ بوو
لێی نزیک بۆوە...
- ئەی قدیسەکە...
- لەگەڵما وەرە...
پیاوان... ژنان... منداڵان... لە دەوری کۆبوونەوە...
- لەگەڵما وەرن...
گەڕایەوە بۆ دەیرەکە... گشت ئەو خەڵکەش بە دوایەوە...

بەرەو دەروازەکە وروژمیان برد...
ئینجا بەرەو گۆڕەپانەکە و... عەمبارەکانی سەر زەوی و ژێر زەوی...
ئەو عەمبارانەی پڕن لە خۆراک و کەچی خەڵکیش برسین...
دەرگاکانیان کردەوە...
لە خۆشیدا هاوار ئەکەن...
حەکیمەکان هەرەسیان هێنا...
- ئەوە چی ڕووئەدات؟...
- خۆراک بە خەڵکی ئەدەم...
- خۆراکی دەیر حەرامە پێیان...
- بۆچی؟... خۆراکی خواوەند بۆ ئافەریدەی خواوەندە...

خەڵکەکە شادمانن...
کێ ئەتوانێ بەری ئەم تەوژمە ڕابگرێ؟!
گەورەی حەکیمەکان لێیان چووە پێشەوە...
- هۆ خەڵکینە...
ئێوە ئازانن ئەم زەوییە چۆن دروست بووە؟...
هەموو ئاوڕ ئەدەنەوە...
- لە جەستەی پیاوێکی چاکەکار دروست بووە...
خۆی کردە قوربانی بۆ خواوەندەکان و... بەمجۆرە...
ڕەزامەندیی ئەوان و نەمریی بەدەست هێنا...
جەستەی بوو بە خاک...
ڕووەک و سەوزایی لێ شین بوو...
کانیاوی تیا تەقییەوە...
هۆ خەڵکینە ئەگەر قوربانی نەبووایە... نە ئەم زەوییە ئەبوو نە ئێمەش...
ددان بە خۆتاندا بگرن...
ڕۆژێک برسێتی... نەک عەزابێکی ئەبەدی...

خەڵکەکە خۆراکەکەی دەستیان دائەنێنەوە...
بە شەرمەزاری و خەمەوە دەیرەکە جێئەهێڵن...
کوڕەلاوەکە هاوار ئەکا...
کەس نییە وەڵامی بداتەوە...
پیرە لە دوورەوە ڕاوەستاوە...
ئەچێت بۆ لای...
سەیری ئەکات...
پیرەش ئەچێتە ژووریَ و...
دەرگاکەی کلۆم ئەدات...

## ١٧

شەوە...
لە سینەی کابرای پیرەوە دەنگی ناڵین دێ...
ناڵەیەکی ماندووانە... پچڕ پچڕ...
لێی نزیک بۆوە...
جەستەی داخ ئەڵێی پشکۆیە...
بە ئاوی سارد دەموچاوی ئەسڕێ...
لە خەتەکانی ناوچەوانیا کۆتایی چیرۆکێکی غەمگین ئەخوێنێتەوە...

"... بیستم مناڵێکی جوان تای گرتبوو...
"تا" کە ویستی مناڵەکە هەڵبلووشێ...
مناڵ لە دەستی تا ڕایکرد...
"تا" حەفتا ساڵ بە دوای مناڵەکەدا گەڕا...
تاکوو دواجار... بە خەوتوویی دۆزییەوە..."
ئەمجارە وازی لێ ناهێنێ...
پیرە چاوەکانی هەڵهێنا... پێڵووەکانی ماندوون...
- هەموو چیرۆکێک کۆتاییەکی هەیە...
خەمبار مەبە...
چاوەکانی نووقاندەوە...
گشت مەرگێ ورێنە و ئاویلکەی خۆی هەیە... هەڵئەلەرزێ...
- ... دایکم بە زەیت قژم بۆ دائەهێنێ...

گوڵاوی شلێرم بەسەردا ئەپرژێنێ...
جلم لەبەر ئەکا...
ئینجا ئەمبەن بۆ دەیرەکە...
مناڵە – پیرەکە ئەگری...
بابە نامەوێ بڕۆم... نامەوێ...
کوڕەلاوەکە باوەش بە پیرەدا ئەکا...
- مەترسە... نایەڵم بتبەن...
پیرە هەڵئەلەرزێ...
وەک مناڵی شیرەخۆرە...
خۆی بە سنگی لاوەکەوە ئەنووسێنێ...
دوای تاوێک ژیر ئەبێتەوە...
- باڵندەکەی خۆت دۆزییەوە؟...
- نەخێر...
- بەدوایدا بگەڕێ...

پیرە چاوی ئەنووقێنێ... هەڵئەلەرزێ...

- تەماشاکە... چەند جوانە!...
براکەم... گەڕایتەوە؟...
هەمیشە دەم بە خەندەیت...
یارمەتیم بدە...
دەستی بە هەوادا ڕائەوەشێنێ...
ناتوانم بەسەر شوورەکەدا سەر بکەوم...
مستی توند ئەکا... وەکو ئەوەی شتێک بگرێ...
زەردەخەنەیەک ئەکەوێتە سەر لێوانی...
دڵی لە لێدان ئەکەوێ...
تارمایی زەردەخەنەیەک ئەچێتە سەر ڕوخساری...
برا گەورەکەی لە ئامێزی ئەگرێ...

هەمیشە بەختەوەری... لە ناوەختدا دێ...

کوڕەلاوەکە بەرەو پەنجەرە داخراوەکە ڕۆی...
دەبا ڕۆحت بەرەو ئاسۆی ناکۆتا باڵ بگرێ...
ئاسمان و ئەستێرە و مانگ...
پەنجەرەکە ئەخاتە سەرپشت...
سەیری ئاسمان ئەکا...
ماڵئاوایی لە شتێک ئەکا... لە نێو ئەستێرەکاندا ون ئەبێ...

ئاوڕی دایەوە...
لە پیرە ڕاما...
ئەڵێی هێشتا هەر زیندووە...
ئەوەی کە لە دەیردا ژیا... هەر لە دەیریشدا ئەنێژرێ...
نایەڵم بتبەن...
پەتۆکەی لە جەستە بنێسەکەیەوە پێچا...
وەکو منالێک هەڵی گرت...
بردی بەرەو گۆڕەپانەکە...
بەرەو دەروازەکە...
بەرەو گردەکان...
بەرەو چیاکان...
بەرەو بەرزترین لووتکە...
لەوێ ڕاوەستا...
کەوتە سەر ئەژنۆ و... بە میهرەبانییەوە
جەستەی پیرەی لەسەر لووتکەکە دانا...
پەتۆکەی لەسەری لابرد...
دەبا هەناسەکانت ئاوێتەی هەورەکان بن...
با لەناو چنگی هەڵۆدا بژیت...
لە دەنووکی باڵندەکاندا بفڕیت...

کوڕەلاوەکە بە کوڵ گریا...
ڕەنگە ئێستا لەگەڵ براکەتدا یاری بکەیت...
ماڵئاوا...

لە چیاکە هاتە خوارێ...
دوور لە دەیرەکە... ملی ڕێی گرتەبەر...

# ١٨

ئەو کچە ڕۆژێکیان پێی وتم...

ماڵیان وا لای بیرە کۆنەکەوە...

بۆ ئەوێ ئەچم...

ڕۆیی و پرسیی... هەتاوەکو دۆزییەوە...

لە دەرگای دا...

ژنێ دەرگاکەی کردەوە... پیرێژنێکی میهرەبان...

سەیری لاوەی کرد... هەروەکو ئەوەی بیناسێ...

- وەرە ژوورەوە کوڕەکەم...

- من... هاتووم تا...

- ئەزانم... ئەزانم...

وەرە کوڕم...

بەدوای پیرێژنەکەدا چووە ژوورێ...

- بە دوای ئەودا ئەگەڕێیت؟...

- هەمیشە بە دوایدا ئەگەڕێم...

- ئەو ڕۆیشت...

کوڕەلاوەکە چاوی نووقاند و هەناسەی توند بوو...

دانیشت...

هیچی نەوت...

چاوی بە ژوورەکەدا گێڕا...

بە دوای پەنجەرەیەکدا ئەگەڕا هەوایەکی لێ بێتە ژوورەوە...

ئەبینێ و نابینێ...

پیرێژنەکە لەلایەوە دانیشت...
دەستەکانی... پڕن لە چرچی و ڕۆژگار...
- کوڕم...
ئەبەخشین چونکە ئاشقین...
هەندێکجاریش... نابەخشین... چونکە ئاشقین...
کوڕە لەگەڵ خۆیدا ئەدوێ...
- لەمە تێناگەم...
هەرگیز لەمە تێناگەم...
پیرێژنەکە وتی...
- زۆر باسی تۆی بۆ کردم... شەو و ڕۆژ...
" تا ئەوپەڕی دڵپاکی... ڕاستگۆیە...
لە پەنایدا... هەستم بە دڵنیایی کرد...
ئەوێک کە خۆی نیگەران و سەراسیمەیە...
سەرچاوەی دڵنیاییە...
هەمیشە بە دوای شتێکدا ئەگەڕێ...
تەنانەت لە ساتی ئارامیشدا...
من لە دڵما هەستم بە چاوەکانی کرد
کاوەخۆ بە ڕێدا ئەڕوا...
وەلێ ئەشێ
هەر ساتێک بێ و بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی باڵا...
لە پڕێکیشدا باز بدا...
ئەزانیت بۆچی خۆشمئەوێ؟"...
لێم پرسی بۆ؟ لە وەڵامدا وتی...
" لەبەرئەوەی پیاوێکە دوای خەونەکانی خۆی ئەکەوێ..."
کوڕەی لاو بە چرپە وتی...
- بەڵام من بێ ئەو خەمبارم...
- ئەو لەوە ترسا دووچاری بارێکت بکا
بەرگەی نەگریت...

ئەو ویستی بە سەربەستی بژیت و بچیت و...
پەیجۆرێکی ئازاد بیت...

- بەڵام ئەمە ترسێکی زاڵمانەیە...
مافی خۆمە دەرفەتی ئەوەم پێ بدرێ
شکست بێنم... یا سەرکەوم...
- پێوەندێک وا لە دەستیدا... تۆ نایبینی...
هەروەک ئەویش ئەیوت... تۆ تا ئەوپەڕی دڵپاکی
ڕاست و ڕاستگۆیت...
کورم... بریا ژیان هەر وەها بووایە
وەکو چۆن لە خەیاڵتایە...
ئەو لە دەستی ئازار هەڵات...
- خواوەندەکان ئاگادارن... من نەمویستووە ئازاری کەس بدەم...
بەڵکو لەو خۆشەویستییەم بۆی... بمبەخشێ...
پیرێژنەکە دەستی کێشا بەسەر شانیدا...
- لەوانەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان بێتەوە و...
ئەو لێرە ببینیتەوە...
خەونەکانت چاوەڕێتن...
- مرۆڤ کە دێتە دنیاوە
کوشتەی دەستی ئومێد یان نائومێدییە...
- کورم... تۆ بریندارێت...
- سەیرە! جوانترین یادەوەری ئەبێتە برینێ
لە دڵدا و خوێنی لێ ئەچۆڕێ...
دوای چەند ساتێک...
- گەر ڕۆژێ لە ڕۆژان هاتەوە... پێی بڵێ...
چیتر ئێرە جێنەهێڵێ...
ئەبێ ڕۆژێک لە ڕۆژان بێمەوە و بیبینمەوە...

دەستی دایە چەقۆیەک...
- هانێ پەنجەت بریندار بکە...
ئەنجا لاوەکەش پەنجەی خۆی بریندار ئەکات...
پەنجە لە پەنجەی پیرێژنەکە ئەدات تا خوێنیان تێکەڵ بە یەک بێت...
پاشان دەستی ئەکێشێتەوە...
- ئێستا ئەتوانیت خوێنی شازادە لە خوێنی ستەمدیدان جیا بکەیتەوە؟
پیرێژنەکە سەری سوورڕما...
- ڕەنگ یەک ڕەنگە و...
بۆن یەک بۆن...
ئەوەی من ئەیزانم ئەمەیە و...
هەر ئەمەش ڕاستگۆترینە...

غوربەت و...
غەمی ژیان و...
برینەکانی ڕابردوو...
هەموو ئەمانە بۆ سەفەرەکەی ئەکا بە توێشوو...
پاشان بەتەنیا...
ملی ڕێگا ئەگرێتە بەر...

# ١٩

تا چاو بڕکا کێڵگەکان سەوز ئەچنەوە...

بەودیوی ئاسۆدا ڕۆیی...

ئاسۆ دوور ئەکەوێتەوە...

خۆرەکە ئەڕواو... خۆی بە کەلی چیاکەوە ئەنووسێنێ...

بەرەو ئاوابوون مل ئەنێ...

دانیشت... لەسەر پشت ڕاکشا... چاوی نووقاند...

شەماڵ یاری بە گیا ئەکا...

وژەوژێک... لە دوورەوە... دێتە گوێ...

ئەم دنیایە دەنگێکی هەیە... نەمبیستووە...

هەروەها...

جریوەی مەلێک...

ڕابوو. چاوی گێڕا... خەون نابینم... دەنگەکە لەوێوە دێ...

نزیک بۆوە... مەلەکە لەبەر پێیدا بوو... باڵەکانی لێک ئەدا و... نەئەفڕی...

ئەیجریواند...

نوشتایەوە...

وەک ئەوەی خەون ببینێ... دەستی بۆ مەلەکە درێژ کرد...

نەفڕی...

کەوتە سەر ئەژنۆی...

مەلەکەی خستە سەردەستی...

باڵەفڕێ ئەکا... لێ نافڕێ...

فرمێسک چاوەکانی تەڕ ئەکا...
ئەی جوانترین زیندەوەر... بە برینداری گەڕایتەوە...
خوێن لە ژێر باڵی چەپی ئەچۆڕێ...
لای دڵییەوە...
بە ناو لەپی خوێنەکەی سڕی...
پارچەیەک لە جلەکەی خۆی لێئەکاتەوە و
لە مەلەکەوەی ئەپێچێ...
لەسەر ئەرزەکە دایئەنێ...
گوڵەگەنمێ لێ ئەکاتەوە و... ئەیوڵێت و
دەنکەکانی ئەکەونە سەر لەپی دەستی...
مەلەکە هەڵئەگرێتەوە و دەنکە گەنمی ئەداتێ...
هاژەی جۆگەلەکە دێ...
چنگ ئەکا بە ئاوەکەدا و مستی لێ پڕ ئەکا و
ئاو بە باڵندەکە ئەدا...

شەو ئاسمانی داپۆشیوە...
کوڕەلاوەکە خەوتووە و باڵندەکەش لەسەر سنگی...
بە جلەکەی خۆی تا بەیان بە گەرمی دایئەپۆشێ...

مەلەکە ئەخوێنێ
کوڕەی لاو لەخەو هەڵئەسێ...
پەڕۆکە لە مەلەکە ئەکاتەوە...
برینەکەی خەریکە سارێژ ئەبێ...
مەلەکە ئەکەوێتە باڵەفڕێ...
کوڕەلاوەکە ناولەپی دەستی ئەکاتەوە...
مەلەکە ئەجریوێنێ و ئەفڕێ...
تۆ سەیری دواوەی خۆت نەکرد...
سەیری ئازادیی خۆت ئەکرد...

# ٢٠

له ڕێگایدا
بەلای چەند شوانێکدا لای دا...
مەڕەکانیان... برسێتی لەڕی کردبوون...
تینوویێتی تینی لێ سەندبوون...
لەبەر تیشکی گەرمی خۆردا
سست و بێهێز لێی کەوتبوون...
- بۆ مەڕەکانتان نالەوەڕێنن؟...
- وەحشێک هات ڕێگای پێ گرتین...
قسەی ئەکرد و... مەتەڵێکی لێ پرسین...
ڕزگاری ئەبوو... ئەوەی وەڵامی زانیبا
ئەو کەسەی نەیشیزانیبا...
چنگێکی گڕاوی لە دڵی گیر ئەبوو و
ئاگری تێ بەرئەدا...
- شێوەی چۆن بوو... بۆم باس بکەن...
- خۆمان نەمانبینی... بۆیان باسکردین...
- پرسیارەکەی چی بوو؟...
- لە بارەی بوونەوەرێکەوە بوو... سەرەتا لەسەر چوار پەل ئەڕوا...
پاشان دوو پەل... دواجار سێ پەل...
- لەو وەحشە ڕزگارتان بکەم؟...
- وەڵامەکەی ئەزانیت؟...

- ئەو بوونەوەرە مرۆڤە...
بە منالّی لەسەر چوار پەل ئەڕوا... پاشان لەسەر هەردوو قاچی... دواجاریش هەردوو قاچی و دارعەسایێ...

کوڕەلاوەکە دیار نەما...
ڕۆژێک تێپەڕی...
نەهاتەوە...

تا کۆتایی ڕێگەکە ڕۆی...
گەڕایەوە...
بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد...
وەحشەکە دیار نەبوو...
پێئەچێ بەشەو دەرکەوێ...
چاوەڕێی شەو ئەکەم...
ڕۆیی...
هاواری کرد...
بانگی کرد...
وەڵام نەبوو...
دەمەوبەیان... هاتەوە بۆ لای شوانەکان...
- دڵمان لات بوو... هیچ ڕووی نەدا...
- چەند جارێک بەشەو و بەڕۆژ...
ئەو ڕێگایەم بڕی و گەڕام نە وەحشم بینی و نە مەتەڵ...
- چاوت بە هیچ وەحشێکت نەکەوت؟...
- بەڵێ... بینیم... لەوێ ترسێکم بینی
ئەو ترسەی... ئەبێتە مایەی وەهم و...
ژیان ئەکوژێ...

## ٢١

ناڵەیەک کوڕەکە ڕائەگرێ...
ئاورئەداتەوە...
درەختەکان... لقوپۆپەکانیان بە خۆشەویستیی عاشقێکەوە لێکئاڵاون
کە بەرگەی جودایی لە مەعشوقی ناگرێ...
کوڕە بە دەستی... لقوپۆپە لێکئاڵاوەکان لا ئەدا...
گۆڕەپانێکی بچووک ئەبینێ...
شێرێک بڕستی لێ بڕاوە... وەک منالێکی تاگرتوو ئەگری...

هێزی بریندار... مایەی غەمگینییە...
پێئەچێ ئەو بەسزمانە گیان بدا...
بێ ئەشک و بێ ماڵئاوایی... ئەم دنیایە جێبهێڵێ...
لەلای شێرەکەوە دانیشت...
دەستی بە پشتیدا هێنا...
لە چاوانی شێرەکەدا... خەم و تێکشکانی بینی...
بە ئازارەوە دەستی ئەجووڵێنێ...
دڕکێک وەکو نووکی چەقۆ...
بە گۆشتی دەستیدا چەقیوە...
کوڕەی لاو بۆی دەرئەهێنێ...
شێرەکە وەک پشیلەیەکی ماڵی...
سەر لە سنگی کوڕەکە ئەسوێ و ئەیدوێنێ...

کورەلاو بۆ دارستانەکە ئەچێ...
شێرەکە تینی تێ ئەگەڕێتەوە و هەڵئەسێ...
بە دوایدا ئەچێ... تا بیپارێزێ...
ئەویش بێباکانە... بەناو دڕندەکانا ئەڕوا...

چاکە... لە چاکەوە دێ...
خراپەش... لە خراپەوە...
دارسێو دڕک ناگرێ...

# ٢٢

له دووره‌وه... جۆگه‌كه

ئه‌ڵێی په‌تێكی زیوینه و ئه‌دره‌وشێته‌وه...

كوڕه‌لاوه‌كه به هه‌ورازه‌كه‌دا چووه خوارێ... بۆ لای جۆگه‌كه...

ده‌ستی كرد به ساردیی ئاوه‌كه‌دا...

ده‌موچاو و هه‌ردوو باسكی شوشت...

ئینجا له جۆگه‌كه ڕاما...

ئه‌و ئاوه چه‌ند شادمانه... بێ كۆتایی و بێ سه‌ره‌تا...

ڕێگای دووری خۆی ته‌ی ئه‌كا...

خوڕه خوڕی ئاوه‌كه‌ی له باعه‌باعی به‌رخۆله‌یه‌كی شاد ئه‌چێ...

پێئه‌كه‌نێ...

سووره‌ماسی له به‌ینی به‌رده زیوینه‌كانا مه‌له ئه‌كه‌ن...

له پڕێكا... خۆیان له‌ناو گژوگیای بنی ئاوه‌كه حه‌شار ئه‌ده‌ن...

ئه‌و گیایانه‌ی زۆر به نه‌رمی سه‌ما ئه‌كه‌ن...

ڕه‌وان ڕه‌وان ئاوی جۆگه‌كه هه‌ر ئه‌ڕوا و...

به ڕاست و چه‌پدا جۆگه‌له‌ی بچووكی لێ ئه‌بێته‌وه...

گوڵه تینووه‌كان ئاو ئه‌ده‌ن...

ئاوی مەنگ بۆ پێناکەنیٚ؟...
ئاخۆ چونکە ڕاوەستاوە؟!...
کەواتە جوولە... ژیانە...
باعەباعی جۆگەکە بەرز ئەبێتەوە...
دەروونی کوڕەی لاو... هێور ئەبێتەوە...
ڕۆژێکیان پیرە لێی پرسیم...
بەتەمەنترین بونەوەر کێیە...
لێم پرسی... کیٚ؟!
وتی... زەوی...
لەبەرئەوەی...
لە پێناوی ئەوانی تردایە ئەژی...

# ٢٣

حەزم ئەکرد هەڵۆ بوومایە...
بە دوو باڵەوە کە هەرگیز ماندوو نابن...
بفڕیمایە...
بەرەو پەڕپەڕۆچکەی ئاسمان بچوومایە...
لە گومەزەکەیا... بگەڕامایە... بەناو ئەستێرەکانا...
لەوێوە... لەم دنیایەم بڕوانیایە...
تا ئەوە ببینم کە نایبینم و...
لەوە تێبگەم کە لێی تێناگەم...

ئەستێرەیەک ئەکشێ...
لەناو فەزادا پەرش ئەبێ...
وەک سوارچاکێ... بەتەنیا
لەگەڵ سوپای تاریکیدا ئەجەنگێ...
ئینجا... لە ئاسمانا ئەمرێ...
جێپێکانی ئەبن بە نوور... بە ڕۆشنایی...
ئاسمان ساماڵە و... لە عەبایەکی ڕەش ئەچێ...
ئەستێرەی پیادا پڕژابێ...
ڕووناک...
بریسکدەرەوە...
هەموو ئەم ڕووناکیانە و... کەچی هێشتا شەوەزەنگە

هەر بەڕاستی... ئەستێرە پەرشەکان ناتوانن ڕۆژ دروست بکەن...

تاریکاییەکە پتر بوو...
ئەستێرەکان ون بوون...
مانگ ئاوا بوو...
ڕێبوارەکان وێڵ بوون...

لە دووری ڕوانی...
تاریک و ڕوونە...
تاریکایی ئەنگوستەچاو... مژدە بە هاتنی سپێدە ئەدا...

کوڕەلاوەکە...
بەرەو دەیرەکە... ڕێگای گرتەوە بەر...

## ٢٤

دەیرەکە هێشتا وا لەناو بێدەنگییا...
بۆ سەر چیاکە سەرکەوت...
گەیشتە دەروازەکە...
یادەوەرییەکان... دەروونیان ورووژاند...
بۆ تاوێک... لەناو گۆڕەپانەکەدا وەستا...
ئینجا بەرەو ئەنجوومەنی حەکیمان چوو...
دەرگاکەی کردەوە و چووە ژوورێ...
هەموویان دانیشتبوون...
- هانێ... ئەمە جلی ڕاهیبییەکەتان... بۆ خۆتان...
جلەکەی بۆ فڕێ دان...
یەکێک لە حەکیمەکان بە هاوڕێیەکی وت...
- ئەسپێکی چەمووشی ڕامنەکراو... وا لەناو دەروونی ئەم کوڕە لاوەدا...
کوڕەلاو درێژەی بە قسەکانی دا...
- خەڵکی لە دەرەوە ئازار ئەچێژن...
ئێوەش لە قۆزاخەکەتانا... خەریکی عەیش و نۆشن...
هەژار دێتە دنیاوە... ئەژی و ئەمرێ...
دەوڵەمەند دێتە دنیاوە... ئەژی و ئەمرێ...

خوێنی خەڵکی یەک خوێنە... یەک ڕەنگە و یەک بۆنە...
کەچی ئێوە ئەڵێن...

هەندێ لە خەڵک... لە سەری خواوەندەوە دێنە دنیا...
هەندێکی تریش... لە پێیەکانییەوە...
ئەی کەسێک نەبوو لە دەستەکانییەوە بێتە دنیا...
تا فرمێسکی مرۆڤە غەمگینەکان بسڕێ...

چاکە و کاری باش... لەسەر زەوی دروست ئەکرێ و...
لە دەرگاکانی ئاسمان ئەدات...
دەرگای کراوەی خواوەند کە بۆ هەموو مرۆڤەکانە...
وا لەسەر زەوی... نەک لە کتێبەکانی ئێوەدا...
عەدالەت وا ئەڵێ...

ئەوەی لە بەینی چوار دیواردا خۆی قەتیس کا...
لە ترسی زانین... بە پەنجەکانی گوێی خۆی ئەگرێ...
ئەو قوربانییانەی خواوەند کە ئێوە ئەیخۆن... هی هەژارەکانە...

ئەخۆن و ئەخەون و قەڵەو ئەبن...
منیش... لەو ڕۆژەوەی وێڵی دوای هەقیقەتم...
بەزم وەکو زەیتی چرا ئەتوێتەوە...
چرایەک کە خاوەنەکەی بە داگیرساوی لە شەوێکی درێژدا بیری چووە و ناکوژێتەوە...

با پێتان بڵێم...
سۆزانی سۆزانی نییە...
دز دز نییە...
ئەمانە بێگوناهن...
تاوانبار ئەوەیە کە قووتی ئەوانەی دزیوە...

هەڵیئەگریێ بۆ ڕۆژێ... کە دوای هەزار ساڵی تر دێ...
نەکو تا ئەو کاتەش بژی... با شتێکی هەبێت بیخوات...

شەرافەتمەند ئەو کەسەیە کە ژیان ئەبەخشێ...
نەک ئەو کەسەی کە ژیان لە خەڵک ئەدزێ...

کە عەدالەت نەما... خراپە ئەبارێ...

لەسەر ڕێما خەڵکانێکم دی ڕۆژی هەزار جار بە ئارەقەی خۆیان
خۆیان ئەشووشت... پاکیش ئەبوونەوە...
کەچی ئەو گوڵاوەی ئێوە... ڕۆحی منی پاک نەکردەوە...
با پێتان بڵێم...
خەڵک تینوون...

ڕۆح لە جەستەدا... وەکو گوڵی ناو ئاو وایە...
گوڵتان دیوە لە گوڵدانێکا گەشە کا...
ئاوەکەی ناوی لە برسانا و تینووانا و لە هەژاریدا
بووبێت بە هەڵم؟!...
ئاخ... ئەگەر هەژاری پیاوێک بووایە... من ئەمکوشت...

ئەم زەوییە خواوەند بۆ هەموومانی خوڵقاندووە...
وەلێ ئێوە بە ئارەزووی خۆتان بەسەر خۆتانا
دابەشتان کردووە...

بەڵێنی ئەوەتان بە خەڵک دا کە ئومێدیان پێ نەبووە...
باسی ئەو شتانەتان بۆ کردوون کە نایزانن...
باسی ئەوەی چۆن ئەو کەسەی ئەمرۆی لە دەست ئەدا...

پێویستە چاوەڕێی سبەینێی بکا...
ئاگرتان لە داروتەختەکە دا و...
ناشتانەوێ دنیا بسووتێ...
با پێتان بڵێم...
کردەوەی خراپ هیی بکەرەکەیەتی...
لێ هی ئەوەشە کە هاندەرێتی...

ئەو قسانەی ئێوە بەتەنها قسەی سەر کاغەزن و
لەناو دێڕەکانا ئەژین...
ئەرۆم و...
ئەوەی ئەیزانم بە خەڵکی ڕائەگەیەنم...
لەوەی ئەوانیش ئەیزانن... فێرئەبم...

گەورەی حەکیمان لێی پرسی...
- مەبەستت لەو قسانەت چییە؟...
- مرۆڤ لە سێبەرەکەی خۆی نەمرتر نییە...
مەبەستم ئەوەیە لەم سەفەرە کورتەدا... لە ژیاندا...
وەک چۆن بێ هیچ گوناهێک هاتوومەتە دنیاوە...
ئاوا بەبێ هیچ گوناهێکیش بمرم...
ڕووی وەرگێڕاو چووە دەرەوە...

- ئەمە لاوێکی هەڵگەڕاوەیە و ئاکاری خەڵک تێکئەدات...
- ئەمە سەرچاوەی ئاژاوەیە...
گەورەکەیان بێدەنگ بوو و پاشان...
-ئاژاوە ئەبێ لە بێشکەکەیدا بکوژرێ...
ئاگر ئەبێ بەر لە کەوتنەوە بکوژێنرێتەوە...

# ٢٥

کوڕەلاوەکە بەناو خەڵکدا دێت و ئەچێ...
لەگەڵیان ئەدوێ و لەگەڵی ئەدوێن...
ڕەنگی خوێن...
عەدالەت...
باسی ئازار و خەمەکانی خۆیانی بۆ ئەکەن...

وەلێ ڕۆژێکیان دیار نەما...
چاوەڕێی بوون... لێ ئەو نەهات...
بەدوایدا گەڕان... نەیاندۆزییەوە...
یەکێکیان وتی...
دواجار کە بینیم... دوێنێ شەو لەو دەشتە بوو...
دەستەیەک پیاو کە نەیدەناسین چوون بۆ لای...
ڕفێنرا...
یەکێکی تریان وتی...
لەو جێیەی کە ئەوی لێبوو... پەڵەیەک خوێن بەجێ مابوو...
شۆڕەبییەکی گەورەی خەمبار... لە شوێنەکەی ئەو ڕوابوو...
چڵ و پۆپی وەک ئەسرین شۆڕ بووبوونەوە...
هەژاران لە سایەیدا ئەحەسانەوە...

یەکێکی تریش وتی...
جەستەیم بینی لەسەر ئەرزەکە... لە خوێندا گەوزابوو...

پۆلێ باڵندەم بینی...
بەری خۆریان گرتبوو... لە ئاسماندا
نیشتنەوە...
لاشەی کوڕەی لاویان هەڵگرت و...
لە شەقەی باڵیان دا...

ئەمە سەرگوزەشتەی بێداربوونەوە و یاخیبوونی لاوێکە دژ بەو دۆخە پڕ لە خۆشگوزەرانییە (وەلێ پڕ لە بێئاگاییيە)ی تێیدا دەژی و گەڕان و گەشت و هەڵوەدابوونە بەدوای هەقیقەتدا.

پێشتر خوێنەری کورد لەڕێی ڕۆمانی حەللاجەوە، کە هەر لەلایەن ئەم وەرگێڕەوە کراوە بە کوردی، بە نووسەری ئەم کارە ئاشنا بووە.



ENDESE

٢٠٠٠ دینار